وەزیری نەوت کێڵگەی نەوتی سیبای بەسەرکردەوە

ئەمڕۆ هەینی، حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوت زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەی غازی سیبای لە بەسرە ڕاگەیاند. وەزارەتی نەوت لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕاگەیاندە” حەییان عەبدولغەنی، جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوت، لە میانی سەردانەکەیدا بۆ پشکنینی کێڵگەی سیبا، پلانەکانی وەزارەتەکەی ڕاگەیاند کە ئامانجیان زیادکردنی بەرهەمهێنانە لە کێڵگەی غازی سیبا لە پارێزگای بەسرە بۆ 100 ملیون پێی سێجا پێوەری ستاندارد لە ڕۆژێکدا. ئاماژەی بەوەشکرد" ئەم کێڵگەیە یەکێکە لەو کێڵگە گرنگانەی غاز کە جێگەی سەرنجی وەزارەتە، بەرهەمی ئێستای (50-60) پێ سێجایە، و پلانمان هەیە بۆ (100) ملیۆن پێ سێجا ستاندارد لە ڕۆژێکدا بەرزبکەینەوە، هەروەها کێڵگەکە "1200" تەن غازی شل بەرهەم دەهێنێت و بەرهەمهێنانی "1000" بەرمیل لەماددەی تیر، ئاماژەیە بە ئەوەی کەکێڵگەکە پشت بە خۆ بەرهەمهێنان دەبەستێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی و هەموو دامەزراوەکان. عەبدولغەنی وتی” دامەزراوە مەیدانییەکان پشت بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دەبەستن و پەنا بۆ کونکردنی ئاسۆیی دەبەن بۆ زیادکردنی بڕی ئەو غازەی کە لە کێڵگەی سنوورییەکان وەبەرهێنراون. هەروەها راگەیاند" ئەم سەردانە پشکنینە لە چوارچێوەی بەدواداچوون بۆ قۆناغەکانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی غاز دێت، کە ئامانجیان زیادکردنی بڕی نوێیە بە

بەرهەمی نیشتیمانی، ورێنماییمان کردووە هەوڵەکان چڕتر بکرێنەوە بۆ بەدیهێنانی ئەمە لە ماوەی داهاتوودا. لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی بەسرە، باسم عەبدولکەریم، ڕوونیکردەوە” وێستگەی چارەسەری ناوەندی بۆ کێڵگەی غازی سیبا پێکدێت لە دوو بەش بۆ توانای 55 پێی سێجا بۆ هەر بەشێك، بەڕێژەی بەرهەمهێنانی 100 پێی سێجا و10 بیر لە کێڵگەکەدا هەڵکەندراوە و ئامانجمان زیادکردنی ژمارەیانە. کێڵگەی غازی سیبا یەکێکە لەو کێڵگە غازیانەی کە لە چوارچێوەی گەڕی سێیەمدا مۆڵەتدان ڕەوانە کرابوو.